ئاگاداری

ب/ کەم کردنەوەی نهێنی ژمارە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی نهێنی سەبارەت بە سازدانەوەی ئامێرەکانی ساردی و گەرمی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا.

جا هەر کۆمپانیایەک تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی سازدانەوەی کارەکانی میکانیکی و کارەبایی فێنککەرەوەو گەرمکەرەوە، وە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر /بەشی گرێبەستەکان بدات بۆ وەرگرتنی وێنەیەک لە تەندەر و مەرجەکانی پڕۆژە،وەرگرتنەوەی تەندەر لە بەشی گرێبەستەکان دەبێت و وە زەرفەکە مۆر کرابێت و ناونیشانی کۆمپانیای لەسەر نوسرابێت.

کۆتایی وەرگرتنەوەی تەندەر لە ڕۆژی (پێنج شەممە) کاتژمێر 12 نیوەڕۆ ڕێکەوتی 2015/5/28

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی ئەندازە

ڕێنماییەکانی کاری سازدانەوەی ئامێرەکانی ساردی و گەرمی لەگەڵ گشت پێداویستیەکانی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا.

ئەبێت کۆمپانیا ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆی بهێنێت لەگەڵ ئۆفەری خۆی هەروەها پابەندی ئەم مەرجانە بێت:

١-بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢-بەڵگەنامەی نویێ کردنەوەی کۆمپانیا بۆ ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥.

٣-بەڵگەنامەی ئەنجام دانی هەمان کار لە شوێنی تر.

٤-بەڵگەنامەی کارمەندانی کۆمپانیا (سی ڤی) کە لەم بوارە کاریان کردبێت.

٥-دەبێ کۆمپانیا کاری سازدانەوە ئەنجام بدات بە هەماهەنگی لەگەڵ کارمەندانی بەشی ئەندازەی نەخۆشخانە.

٦-دەبێ کۆمپانیا ڕاپۆرتی هەفتانە ئامادە بکات و پێشکەشی بکات وە ئەو کارانەی ئەنجامی داوە دیاری بکرێت و واژۆ بکرێت لەلایەن کۆمپانیا و کارمەندانی ئەندازەی نەخۆشخانە.

٧-دەبێ کۆمپانیا پابەند بێت بە بڕگەکانی دەرخستەی ئامادەکراو لەگەڵ بڕگەکانی گرێبەست.

٨-دەبێ کۆمپانیا کاری هاوشێوەی ئەنجام دابێت.

٩-دەبێ کۆمپانیا خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی هونەری بکاتەوە لە شوێنی کارەکە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر

بەشی ئەندازە

## دەرخستەی تایبەت بە سازدانەوەی کارەکانی ساردی و گەرمی و گشت پێداویستیەکانی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا

| ژ | ناوەڕۆک | بڕ | مانگ | نرخ | کۆ نرخ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چلەرەکانی فێنککەرەوە هەر چلەرێک ٣٠٠ تۆن و هەر چلەرێک پێک هاتووە لە پێنج کۆمپرێسەر بە ، جۆری هیتاشی | 3 | | | |
| 2 | بۆیلەرەکانی گەرم کردنی ئاوی نەخۆشخانە لەگەڵ گەرم کردنی هەوا ٣ دانە بۆیلەر ، (Kcal/hr ١،٢٥٠،٠٠٠ ) ،(٣٠٠،٠٠٠ Kcal/hr ) | 3 | | | |
| 3 | سازدانەوەی گشت پەمپەکانی کەوا لە ژووری سەرەکی میکانیک و ناو نەخۆشخانە دا هەیە وە بە گشت جۆرەکانیەوە (پەمپەکانی سیستەمی ئاوی سارد و گەرم ، پەمپەکانی ئاوی پاک ، لەگەڵ ئاوی پیس لەگەڵ پەمپەکانی ئاگر کوژێنەوە)<br>Feed pump and Return pump for the chiller<br>Feed pump and Return pump for the Boile<br>Raw water Pumps<br>Fire fighting Pumps<br>Sewerege pumps | کۆ | | | |
| 4 | پاڵنەری هەوا لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی AHU لەگەڵ گشت فان کۆیلەکان | کۆ | | | |
| 5 | گشت بۆریەکانی ئاوی سارد و گەرم | کۆ | | | |
| 6 | بۆردەکانی کارەبا تایبەت بە پەمپاکانی ئاوی سارد و گەرم ،پاڵنەری هەوا، چلەرەکان و بۆیلەرەکان | کۆ | | | |
| 7 | گشت ڤاڵڤەکان و هێدەرەکان | کۆ | | | |
| | | | | | |

تێبینی/گشت پاچەکانی یەدەگ لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێرە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی ئەندازە